# کورد وعەرەب برانین. .

نورەدین سەعید وەیسی

یەکێتی و پارتی کارێکی چاك دەکەن کە بە چەند پرۆژەیەکی ڕاگەیاندن (( دەرکردنی رۆژنامەی الاتحاد و التاخی وکردنەوەی کەناڵی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی ڕوویان لەبەغدا کردووە، بەڵام گرنگ گوتاری ئەم میدیایانەیەکە ڕووی لەعەرەبە :ئایا هەروەکو جاران گوتارێکی موجامەلەکردنی عەرەب و کوتانەوەی دەهۆڵی برایەتی کوردو عەرەب و جەخت کردنەوەی لە ئەندازە بەدەری عیراقچییێتی کورد دەبێت لەسەرحیسابی کوردستانیبووندا یان ئەمجارە بەشێوەیەکی راشکاوانەو دوور لە موجامەلە گفتوگۆ لەگەڵ عەرەبەکانی ناوخۆی عیراق ودەرەوە دەکەن و دەبنە دەنگ وسەدای کورد نەك حیزبەکانیان؟

چەندین ساڵە یەکلایەنە درووشمی برایەتی کورد و عەرەبمان بەرز راگرتووەو لەسەریشی بەردەوامین، چەندین شیعرمان بۆ نووسی، سروودمان بۆ چڕی، رۆژنامەو باخمان بەوناوە ناونا، کەچی ئەم برایەتییە جگە لە ئەنفال و کیمیاباران وراگواستن و تێکدانی کوردستان هیچی دیکەی لێ سەوز نەبوو، بگرە هەندێ لەو رۆشنبیرە عەرەبانەی کە هاوسۆزی کوردیشیان کرد لە هەڵوێستەکانیان پەشیمان بوونەوە!، عەرەب تەنها ئەوکاتە باوەڕی بە برایەتی کورد هەیە کە خۆی براگەورە بێت، لەکاتێکدا برایەتی یەکسانییە، هەربۆیەش ناکرێ ئێمە هەرلەسەر ئەم درووشمە رژد بین کەچی عیراق وەکو وڵاتێکی عەرەبی پێناسە بکرێ،

عەربەکان لەکاتێکدا زۆر بەتوندی دژی جیابوونەوەی کوردن لە عیراقدا کەچی دانیش بە یەکسانی تەواوی نێوان کورد وعەرەبدا نانێن، هەروەختێکیش کورد بڵێ باشووری کوردستان بەشێك نییە لە نیشتمانی عەرەب تۆمەتی رەگەزپەرستی بەرووودا دەدەن، یان نابێ بگووترێ کەرکوك شارێکی کوردییە چونکە عەرەب و تورکمان وئاشووریشی تێدا دەژین کەچی ئاساییە بگوترێ موسڵ شارێکی عەرەبییە لەکاتێکدا بە پێی چەندین سەرژمێری 30% دانیشتوانی ناو شاری موسل کوردن، ئەم هەڵەیە چەندین جار لەلایەن سەرکردەکانی پارتی ویەکێتیشەوە دووبارە کراوەتەوە. !

بەلای منەوە کورد و عەرەب (( بەهەمان شێوە کوردو تورك، فارس )) برانین، بەڵکو دوونەتەوەی سەربەخۆو دراوسێن و کەسیان براگەورەی ئەویتر نییە، بۆیە هەق نییە چیتر توانای مادی ومرۆیی خۆمان لە کوتینی دەهۆڵی دروشمێك بەفیرۆ بدەین کە هیچ خێرێکی پێوە نەبووەو دەرکەوت لە دووریشەوە دەنگی خۆش نییە. . !

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.